حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە - لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان
تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (دوازدەیەمی وێژەیی)

بەناوی خوای گەورە

بابەت: مێژوو / کات: ٣ کاتژمێر
وەڵامی نموونەیی
خولی یەکەم / ٢٠٢٤-٢٠٢٥

پەنجەمۆر
**A**

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە (بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە)

١. ئەو دەسەڵات و فراوانکردنی زەوییەی عوسمانییەکان لە هەردوو سەدەی (چواردەهەم و پازدەهەمی زایینی) لە ئەورووپای ......... درێژەی کێشا تا ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی:

A- ڕۆژهەڵات B- ناوەڕاست C- باشوور D- (A و B) ڕاستن

٢. لە تایبە تمەندییەکانی سەرەتای سەدەی (شانزەهەم) بوو:

A- گۆڕانی تەرازووی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست B- فراوانبوونی ناوبانگی بنەماڵەی سەفەوی
C- لاوازی دەوڵەتی (ئاق قۆینلو) D- هەموویان ڕاستن

٣. بۆچوونی دانیشتوانی موسڵ بوو، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتەکە لە دوای پەیمانی لۆزان:

A- بەرژەوەندی ئابووری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی ویلایەتی موسڵ زیاتر لەگەڵ ئەنادۆڵ گونجاوە.
B- ویلایەتەکە دەوڵەتێکی سەربەخۆی لە ژێر فەرمانڕەوایی شێخ مەحمود لێ دروست بکرێ.
C- ویلایەتەکە بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە بە پێی پەیمانی سیڤەر بڕیاری دامەزراندنی درابوو لە باکووری کوردستان.
D- (B و C) ڕاستن.

٤. لە ساڵی (١٥٣٤ز) سوڵتان ................ بە بێ هیچ بەرەنگارییەك شاری بەغدادی داگیرکرد و لە ژێر دەستی سەفەوییەکانی دەرهێنا:

A- سلێمانی قانونی B- سەلیمی یەکەم C- سەلیمی سێیەم D- موڕادی چوارەم

٥. میسر بوو بە بەشێك لە دەوڵەتی عوسمانی لە دوای شکستی مەمالیك لە شەڕی ............ بەرامبەر سوپای عوسمانی لە ساڵی (١٥١٧ز):

A- مەرج دابق B- الريدانيه C- دیو D- تەل الكبير

٦. (ڕێکەوتنامەی ئەماسیە) لە شاری ئەماسیەی ناوەڕاستی ئەنادۆل بەسترا لە نێوان سوڵتان:

A- سلێمانی قانوونی و شا تەهماسپ B- موڕادی چوارەم و شا صفی
C- موڕادی چوارەم و شا تەهماسپ D- سلێمانی قانوونی و شا صفی

٧. ڕووخاندنی قەڵای (زنجیرو هەردوو قەڵای قوتورو ماکۆ و موغازبرد):

A- بەندی یەکەمە لە ڕێکەوتنامەی زەهاو B- بەندی شەشەمە لە ڕێکەوتنامەی زەهاو
C- بەندی یەکەمە لە ڕێکەوتنامەی ئەماسیە D- ماددەی سێیەمە لە ڕێکەوتنامەی ئەرزرۆمی یەکەم

٨. ڕێکەوتنامەی ئەرزرۆمی دووەم لە.......... ماددە پێکهاتبوو کە................ماددەی پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو:

A- (٧-٣) B- (٧-٤) C- (٩-٤) D- (٩-٣)

٩. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە ڕۆژئاوای بادینان، میرنشینی........... هەبوو کەلە زۆر کۆنەوە ناوی دەرکردبوو:

A- بۆتان B- بابان C- سۆران D- هەکاری

١٠. داگیرکردنی شاری موحەمەرە (خورەمشەهر) لە لایەن (عەلی ڕەزا پاشا) ی والی بەغدا و داگیرکردنی (کەربەلا) لە لایەن ئێرانییەکان، ڕوویاندا لە دوای:

A- مۆرکردنی پەیمانی ڕێکخستنی سنوور B- پێکهێنانی لیژنەی تێکەڵاو
C- مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ئەرزرۆمی یەکەم D- مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ئەرزرۆمی دووەم

١١. نیشتمانی عەرەب لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاوای ڕوو بە ڕووی شاڵاوی داگیرکەرانەی ئیستعماری ئەورووپی بووە لە:

A- سەرەتای سەدەی پازدە B- کۆتایی سەدەی یازدە C- سەرەتای سەدەی پازدە D- کۆتایی سەدەی پازدە

١٢. شێوازی پەلاماری ئیسپانییەکان بۆ (خۆر ئاوای عەرەبی) ڕوخسارێکی ئاینی و ئیستعماری وەرگرت، چونکە پاپا بەیاننامەیەکی دەرکرد داوای خێرو خۆشی بۆ ئیسپانییەکان کرد لە هەوڵ و تەقەلادانیان بۆ داگیرکردنی:

A- باکووری ئەفریقیا B- باشووری ئەفریقیا C- ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا D- (A و C) ڕاستن

١٣. لابردنی پەیمانی ساڵی (١٩٣٠ز) نێوان بەریتانیا و عێراق، لە داواکارییەکانی:
A- بزوتنەوەی نیشتمانی بوو لە کاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٢    B- گەلی عێراق بوو لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٦
C- خەڵکی سلێمانی بوو لە وەزارەتی ساڵح جەبر    D- (A و C) ڕاستن

١٤. (خان ئەحمەد خان) لە میرە بەناوبانگەکانی میرنشینی ئەردەڵانە کە:
A- قەڵای (پاڵنگان) ی لە ناوجەرگەی وڵاتی گۆران دروستکردووە.    B- توانی لەشکری گەورەی (شا عەباس) تێکبشکێنێت.
C- (سنە) ی کردە پایتەختی خۆی و هۆزەکانی (بلباس و موکریان) ی خستە سەر میرنشینەکەی.
D- توانی بەرەنگاری لەشکری جەلایرییە مەغۆڵەکان ببێتەوە.

١٥. لە (٢٠) ی تەموزی ساڵی............مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان یاداشتێکی دا بە عەبدولکەریم قاسم داوای چارەسەری بارودۆخی کوردستانی کرد بە گیانێکی برایانە:
A- ١٩٥٨ز    B- ١٩٦١ز    C- ١٩٦٢ز    D- ١٩٦٠ز

١٦. وەزارەتەکەی.................لە ڕێڕەوی دیموکراتی لایداو ژمارەیەك لە نیشتمان پەروەرانی خستە زیندانەوە و ژمارەیەکی زۆریش لە قوتابیانی سلێمانی لە کاتی تاقیکردنەوە دەستگیرکران:
A- محەمەد سەدر    B- ساڵح جەبر    C- مصطفى العمری    D- نورالدین محمود

١٧. ڕوسیای قەیسەری لە هەوڵی لەناوبردنی میرنشینی سۆران دابوو بۆیە یارمەتی......................ی دەدا:
A- ئێران    B- دەوڵەتی عوسمانی    C- ئینگلیزەکان    D- هەموویان ڕاستن

١٨. میر.................. پێش (سلێمان پاشای بابان) فەرمانڕەوای میرنشینی بابان بووە بۆ ماوەی (٢٣) ساڵ:
A- عبدالرحمن پاشا    B- ئیبراهیم پاشا    C - سلێمان بەبەی گەورە    D- ئەحمەد پاشا

١٩. بەدرخان پاشا سنوری دەوڵەتی بە ئەندازەیەك فراوان کرد کەلەناوچەی (وان) هەتا (مهاباد) و ..........لەلایەك و ، لە (موسڵ) هەتا ............ لەلایەکی ترەوە لە ژێر دەسەڵاتی خۆی دانابوو:
A- دیاربەکر – قارس    B- ڕەواندز – موش    C- ڕەواندز – دیاربەکر    D- قارس –موش

٢٠. ئەو کۆمەڵە ئاموژگارییەی دەوڵەتی عوسمانی کە بە ناوی ڕژێمی نوێ دەرچوو لە ساڵی (١٧٩٢ز) چەندین هەنگاوی چاکسازی تێدابوو لە بواری:
A- کارگێڕی و کۆمەڵایەتی    B- کارگێڕی و دارایی    C- دارایی و ڕامیاری و ئابووری    D- دارایی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی

٢١. بەمەبەستی چاکسازی لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت سوڵتان.................(یاسای سزادان و ئەنجومەنی حوکمی دادگەری) دامەزراند:
A- سەلیمی سێیەم    B- مەحمودی دووەم    C- عەبدولعەزیز    D- عەبدولمەجیدی یەکەم

٢٢. بە بیانوی باری نا ئاسایی سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم) بەیاننامەی (هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و لابردنی دەستوری) دەرکرد لە ساڵی:
A- ١٧٨٨ز    B- ١٧٨٧ز    C- ١٨٧٧ز    D- ١٨٧٨ز

٢٣. یەکەمین ژمارە لە یەکەمین ڕۆژنامە بە ناوی (کوردستان) لە (٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ز) لە شاری قاهیرە لە لایەن (میقداد مەدحەت بەگ) لە دواتریش لەلایەن.................ی برایەوە دەرچوو:
A- بەدرخان پاشا    B- ئەمین عالی بەدرخان    C- عبدالرحمن بەگ    D- خەلیل بەدرخان

٢٤. لە (٩ کانونی یەکەمی ١٩٣١ز) بارزانییەکان کە ژمارەیان (٨٠) کەس تێنەدەپەڕی توانیان فەوجێکی سەربازی حکومەتی عێراق تێکبشکێنن لە شەڕی: A- بەرقی بەگ    B- قاراوە    C- مەیدان مۆریك    D- دولاڤاژێ

٢٥. گۆڤاری (ژین) زمانحاڵی کۆمەڵەی................ بوو لە .................ی کوردستان:
A- سەربەخۆیی کورد – باکوور    B- کوردستان – باشوور    C- جیهاندانی – ڕۆژهەڵات    D- تەعالی کوردستان – باکوور

٢٦. لە ساڵی (١٩٤٥ز) لە باشووری کوردستان دامەزراوە:
A- پارتی ڕزگاری کورد    B- پارتی شۆڕش    C- پارتی دیموکراتی کورد    D- (A و B) ڕاستن

٢٧. وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە؟

١- لە (٢٤نیسانی ١٩١٩ز) ڕاپەڕینی کوردی گۆیان لە ناوچەی (زاخۆ) دەستی پێکرد.

٢- ئەو قەڵایانەی دەکەونە ئەو بەرەوە لە نێوان (مەندەلی و دەرتنك) بۆ ئێرانن بە پێی ڕێککەوتننامەی ئەماسیە.

٣- چارەنووسی (محەمەد عەلی) لە میسر دیاریکرا بە پێی (پەیمانی لەندەن) لە ساڵی ١٨٤٠ز.

٤- لە ساڵی (١٩٤٨ز) جوتیارانی دەشتی دزەیی دژی چەوسانەوەی دەرەبەگەکان ڕاپەڕین.

٥- لە نیسانی ساڵی (١٩٨٠ز) ڕژێمی بەعس زیاتر لە نیو ملیۆن کوردی فەیلی (تەسفیر) کرد.

A- (١،٣،٥) B- (٢،٤،٥) C- (١،٢،٥) D- (٣،٤،٥)

٢٨. بە داڕێژەری پلانی ناکۆکی نێوان کۆماری کوردستان و حکومەتی ئازەربایجان دادەنرێت:

A- قەوام سەڵتەنە B- ئابوت C- ئیقبال دەولە D- کاپتن سکوت

٢٩. دوای کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی............ شێخ (عبدولسەلامی بارزانی) بووە شێخ و ڕابەری (تەریقەتی نەقشبەندی) لە تەکیەی بارزان و دەوروبەری: A- ١٨٧٦ز B- ١٩٠٣ز C- ١٩٠٤ز D- ١٩٠٧ز

٣٠. شەڕی...........لە حوزەیرانی (١٩١٩ز) لە نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان ڕوویدا کە تێیدا جەنگاوەرانی کورد ئازایەتییەکی گەورەیان نواند: A- بەردە قارەمان B- ئاوبارێك C- دەربەندی بازیان D- شەرکە یازی

٣١. لە قۆناغەکانی (پێنجەم و شەشەم و حەوتەم) ی ئەنفال زیاتر لە (٥٢) گوندی ناحیەکانی (خەلیفان و ڕواندوز و خۆشناوەتی) وێرانکران لە ماوەی نێوان: A- (٧ی نیسان تا٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ز) B- (٢٣ شوبات تا١٨ی ئازاری ١٩٨٨ز)

C- (٢٥ی ئاب تا ٦ی ئەیلولی١٩٨٨ز) D- (١٥ی مایس تا ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ز)

٣٢. کۆمەڵەی (ژێ کاف) ژیانەوەی کورد گۆڤارێکی بەناوی.................. دەرکرد:

A-نیشتمان B- ڕۆژی کورد C- کوردستان D- ژین

٣٣. مستەفا کەمال (ئەتاتورك) لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا دەڵێت (گرنگترین مەسەلەی باری ناوخۆی ئێمە گیروگرفتی) شۆڕشی:

A- شێخ سەعیدی پیران B- ئاگری داغە C- دەرسیمە D- شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە

٣٤. سمکۆی شکاك لەسەر داوای ئینگلیزەکان بڕیاری گەڕانەوەی دا بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان،دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ ڕەزا شا پەهلەوی و مستەفا کەمال ئەتاتورك ڕێککەوتننامەی..................مۆرکرد:

A- (٢١ی ئاداری ١٨٩٩ز) B-دۆستایەتی و هاوکاری C- سێ قۆڵی D- سان ستیڤانۆ

٣٥. کام لەم دەستەواژانە هەڵەن:

A- میرنشینی بادینان لە ساڵی (١٦٢٦ز) لە شار ئامێدی دامەزراوە.

B- لەسەردەمی (مرادخان) پەیوەندییەکی زۆر باش و بەهێز لە نێوان میرنشینی (بادینان و سۆران) دا هەبووە.

C- میر (حەسەنی کوڕی سیف الدین) توانی دەست بگرێت بەسەر قەڵای دهۆك و تەواوی پارێزگای دهۆکی ئێستا بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە.

D.-میر (سیف الدین) بەهۆی سۆزو بەزەیی و دلۆڤانیەوە هەرچی ناخۆشی و ئازار هەبووە لە بیر هەژارانی میرنشینەکەی بردۆتەوە.

٣٦. مێژووی کام لەم ڕووداوانە ڕاستن:

A- ساڵی (١٨٣٦ز) میر محەمەد میری سۆران جولانەوەیەکی سەربەخۆ خوازی ڕاگەیاند.

B- (١٧٥٣-١٧٩٤ز) ماوەی ساڵانی فەرمانڕەوایی حکومەتی زەند بوو لە ئێران.

C- لە (٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ز) هێزەکانی ئێران پەلاماری شاری (مەهاباد) پایتەختی کۆماری کوردستانیان داو داگیریان کردەوە.

D- لە (١٩٩١/٥/٤ز) ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بە بڕیاری (٦٨٨) ناوچەیەکی ئارامی لەسەرووی هێڵی (٣٦) بۆ کورد دانا.

٣٧. تێکۆشان لە پێناو بەگژداچوونەوەی دوژمنان و بەدیهێنانی ڕزگاری و سەربەخۆیی و یەکخستنی کوردستان،لە ئامانجە سەرەکییەکانی بوو:

A- کۆمەڵەی کوردستان B- پارتی خۆیبوون C- پارتی ڕزگاری کورد D- کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد

٣٨. بە پێی ڕێکخستنی کارگێری مەدحەت پاشا بۆ ویلایەتی موسڵ قەزای ............سەر بە سە نجەقی سلێمانی بوو،قەزای ..........سەر بە سە نجەقی کەرکوك بوو، قەزای ...............سەر بەسە نجەقی ناوەند (موسڵ) بوو:

A-. بازیان - شارەزوور - زاخۆ B- ئامێدی - ڕانیە - دهۆك

C- مەرگە - کۆیە - ئاکرێ D- هەڵەبجە - بازیان - هەولێر

٣٩. بە پێی یاسای نوێی دەوڵەتی تورکیا قەدەغەکردنی زمانی کوردی و هەموو ئەو یانەو ڕێکخراو و کۆمەڵەو گۆڤارە کوردیانەی کە هەبوون، هۆکارێك بوو بۆ سەرهەڵدانی شۆرشی:

A- مەلا سەلیمی بەدلیسی B- شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری C- ئاگری داغ D- شێخ سەعیدی پیران

٤٠. میر (بۆداغ بەگ بەبە) توانیویەتی ناوچەی.......... لە میرنشینی سۆران و ناوچەی ..........لە میرنشینی ئەردەڵان وەربگرێتەوە:

A- سیوەیل - شارباژێر B- لاجان - سیوەیل C- سەلدۆز - سیوەیل D- شارباژێر- لاجان

٤١. پابەند نەبوونی وەزارەتەکەی..................بە ڕێککەوتنی نێوان بارزانی و نوری سەعید ئە نجامەکەی سەرلەنوێ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بوو لە ساڵی (١٩٤٥ز): A- ساڵح جەبر B- محەمەد سەدر C- حەمدی پاچەچی D- فاضل الجمالي

٤٢. (فورسان چەك بکرێت و دەوڵەتێکی عەرەب بێتە ناو ڕێکەتننامەکە) مەرجی پێشوەختەی مەلا مستەفا بوو بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتەکەی:

A- ئەحمەد حەسەن بەکر B- عبدالرحمن عارف C- نوری سەعید D- عبدالسلام عارف

٤٣. لە...............ئەو دەرەبەگانەی لە ئە نجامی بەشداری شەڕ زەوییان پێدەبەخشرا نەما، لە شوێنی ئەوان خاوەن زەوی و زارە نیوە دەرەبەگییەکان هاتەکایەوە:

A- کۆتایی سەدەی هەژدە B- سەرەتای سەدەی هەژدە C- کۆتایی سەدەی نۆزدە D- سەرەتای سەدەی نۆزدە

٤٤. پاش ماوەیەك لە داگیرکردنی تەوریز سوڵتان سەلیم دەگەڕێتەوە بۆ ئەماسیە لە................ی ئەنادۆڵ:

A- ڕۆژئاوا B- باکور C- ناوەڕاست D- ڕۆژهەڵات

٤٥. تونس لە لایەن ئیسپانیەکانەوە داگیر کرا لە ساڵی:

A- ١٥١٠ز B- ١٥٣٥ز C- ١٥٥٣ز D- ١٤٦٣ز

٤٦. هەر وەختێك عێراق لەگەڵ سوریا و میسر یەکێتی کۆمارییان بەست و شێوەی عێراق خرایە سەر باری هەرێمایەتی، کورد بۆی هەیە جیابێتەوە بە لامەرکەزی ڕازی نابێت، یاداشتی سەرۆکی وەفدی کوردی بوو بۆ:

A- کۆنگرەی لەندەن B- کۆمەڵەی نەتەوەکان C- کۆبونەوەکانی قاهیرە D- پەیمانی سێ قۆڵی

٤٧. دامەزراندنی سوارەی حەمیدییە پەیوەندی بە ئاما نجە ستراتیژیەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە هەبوو کە بریتی بوو لە:

A- بەرگریکردن لە پەلاماری ڕوسیا B-ڕێگرتن لە دەسەڵاتی فەرەنسا لە ئەنادۆڵی خۆرهەڵات

C- جێگیرکردنی دەسەڵاتی ناوەند D- (A و C) ڕاستن

٤٨. بەهۆی ڕاپەڕینی ساڵی.............پەرلەمان هەڵوەشایەوەوحکومەتی عێراق ناچاربوو بڕیاری هەڵبژاردنێکی نوێ بدات و ڕێگەی دا بە حزبە مۆڵەتدراوەکان بەشداری تێدا بکەن:

A- ١٩٤٨ز B- ١٩٥٢ز C- ١٩٥٦ز D- ١٩٥٨ز

٤٩. مەسەلەی مافی ئەرمەن لە پەیمانی (سان ستیفانۆ و کۆنگرەی بەرلین) بەکارهێنرا بۆ دەست خستنە ناو کاروباری دەوڵەتی عوسمانی لە لایەن: A- فەرەنسا B- ڕوسیا C- بەریتانیا D- هەموویان ڕاستن

٥٠. کێشەی نەتەوەکانی عێراق (داواکاریەکانیان و پێداویستیەکانیان )و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان، یەکێك بوو لە خاڵە سەرەکییەکان کەباسکرا لە: A- پەیمانی ساڵی ١٩٢٢ ز B- پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ز

C- کۆنگرەی قاهیرە D- لیژنەی سێ قۆڵیەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان